کونسوڵی ئەڵمانیا لە هەرێم سەردانی شاسوار عەبدولواحیدی کرد

کونسوڵی ئەڵمانیا لە هەرێم سەردانی سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێی کرد و دۆخی سیاسی هەرێم و هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیان تاوتوێ کرد.

ئەمڕۆ یەکشەممە ١٨ـی ئایاری ٢٠٢٥، ئێلبرێشت فۆن ڤیتکە، کونسوڵی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان سەردانی شاسوارعەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێی کرد لە ئۆفیسی سەرۆکی خۆی لە سلێمانی.

لە کۆبوونەوەکەیاندا، شاسوارعەبدولواحید و ئێلبرێشت فۆن ڤیتکە تاوتوێی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیان کرد کە بڕیارە لە مانگی ١١ـی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت.

گرنگیپێدانی نوێنەری وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی زلهێز بە ئۆپۆزسیۆنی هەرێم زیاتر بوون و لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا باڵیۆزان و کونسوڵی چێندین وڵات لەوانەش ئەمریکا و روسیا و بریتانیا و ئوسترالیا سەردانی سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێیان کردووە.